# پەیامێك بۆ لاوان, هۆشدارییەك بۆ پارتی ویەكێتی...

بەشدار عەلی
bashdar_net@yahoo,com

لەهەر گەرەكێك دووسەنتەر بۆ كۆكردنەوەی لاوان و قوتابیان, لە هەرچەند كۆلانێك كۆمیتەو ڕێكخراوێك, هەر كۆمیتەو ڕێكخراوێك بەشێكی تایبەت بۆ خوڵ كردنە چاوی قوتابیان و لاوان, لەهەربۆنەو مناسەباتێكی فەزهەبی وقومی بۆ كۆكردنەوەی زۆرترین گەنج و دەوریان,لەگەڵ دامەزراندنی دەستەو گروپ و ڕێكخراوو پرۆژەی جۆراوجۆر تایبەت بۆ ئەو لاوانەی كەلە دەسەلات و حزبەكانی( یاخین) و لەنارەزایەتی بەردەوامدان... ئەمانە خزمەتی حزبەكانی ناسیۆنالیستی كوردییە دوای(یەكگرتنەوەی ماڵی كورد) دوای ڕێككەوتنی ناچاری پارتی ویەكێتی لەژێر فشاری ڕاستەوخۆی ئەمریكاو بۆ هەرچی زیاتر بەتالانبردنی سامان و سەروەتی كوردستان و دابەشكردنیان لەنێوان خۆیان بەهەرشێویەك بێت بارەگاو سەربازگەكانیان لە دەڤەرەكانی ژێر دەسەلاتی یەكتر كردەوەو بەشێكی زۆری ئاراستەی ڕەمەكانیشیان ڕوو لە لاوان وقوتابیانن, كە زۆرینەترین توێژی هۆشیاری كۆمەڵگان وەنارەزیترین توێژیشن. بەتایبەتی ئەو لاوانەی لە ئەنجامی سەختوژیان وبرسیەتی و بێ دەرەتانی وازیان لەخوێندن هێناوەو ئێستاش بێكار ماونەتەوەو هەروەها دەیانەوێت وەكو پیشەییان بۆ هەمیشە گیرفانی خاڵی قوتابیان بقۆزنەوە. لاوان لە جیهانی پڕ لە خۆزگەو ئاواتەكانیان دابڕن و خواست و داواكارییەكانیان بە چەند شتێكی سادەو ساكارو ئیمتیازاتێكی ماددی كەم بڕیننەوە.

سەرباری هەموو ئەم هەوڵە لەرزۆكانەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردی بۆ گێژكردنی لاوان لە خورافیاتی دینی و قەومی و هەوڵیان بۆ بێ هۆشبوونیان, بەلام لە ریفراندۆمی دەستووردا لاوانی كوردستان گەورەترین(نا) یان بەبەرنامەو پرۆگرامی و سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردی گوت و ڕێژەیەكی زۆر بەشداری ئەم گاڵتەجارییەیان نەكرد.

بەلام سەرباری ئەمەش, پارتی ویەكێتی كەوتنە بەر میكانیزمی تر بۆ دەستەمۆكردنی لاوان هەر لە ڕێكخراوی تواناسازی لاوان و پرۆژەی پەرلەمانی سەرشەقام و دامەزراندنی گروپ ودەستەی جۆراوجۆری تر بۆ هەمان مەبەست. چونكە دەزانن چ وەزعیەتێكیان بۆ لاوان پێكهێناوە و نارەزایەتیەكانی لاوانیش گەیشتۆتە لوتكەو دەیانەوێ ئەم نارەزایەتیانەش بەئاقارێكی تر دابەرن و لەباری بەرن. لاوانی ئەمڕۆی كوردستان هۆشیارن و دەزانن كامە هێزو ئایدیا لەگەڵ حەزو ئارەزوو ئازادییەكانی ئەوان یەكدەگرێتەوە. دەبێت پارتی ویەكێتیش ئاگاداربن و دەرس لە تەجروبەكانی خۆیان وەرگرن چیتر ناتوانن بەكلاولەسەركردن و هەڵخەڵەتاندن و سەركوتكردن لاشەی بێگیانی خۆیان ڕاكێشن. خواست وداواكانی لاوان ئاشكراو ڕوونن, ڕۆژانە لە قسەو گفتوگۆ هەڵس وكەوتی لاوان هەستی پێدەكرێ, لاوانی كوردستان ژیانێكی پڕ لەخۆشی و ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانیان دەوێت, یاسای دەستوورێكی سیكۆلارو مەدەنیان دەوێ, هەلاوردن و جیاوازی لەنێوان ئینسانەكان و دەسەلاتی میلیشیایی لەنێو هەزری لاوان جێگای نابێتەوە, دەیانەوێت دین وبیروباوەڕی مەزهەبی و قەومی لەسەر ژیان بیركردنەوەیان لابچێت كە ڕۆژانە ژیان و ئازادی هەزار لاو بەخاك دەسپێرێ, دەیانەوێت ستەمی قەومی و سەرگەردانی لەسەرسەری خەڵكی كوردستان نەمێنێت و دەوڵەتێكی سەربەخۆی مۆدێرن دابمەزرێت. ئەمانە خواستی ڕاستەقینەی لاوانن نەك ئیمتیازاتێكی ماددی وكاتی,بۆیە ئەم پیلان و سیاسەتانە ناتوانێت ئۆزقاڵێك لەم ماف و خواستە سادەوساكارانەی خۆمان دوورمان بخاتەوە. ئیتر وا باشترە ئاسنی سارد مەكوتنەوە. زۆرتان ڕۆژە ڕەشی بەسەر لاوانی كوردستان هێناو بەهەزارانتان لە جەنگە بێماناكانتان بە كوشتدان, زۆرتان ئاوارەو دەربەدەر كرد, هەموو دەروازەكانیشتان بۆ دەست ڕاگەیشتن بەژیان و ئازادی و ڕەفاهیەت لەسەرداخستین. ئیتر پێویستە لەجەوهەی مەسەلەكان بكۆڵنەوە, بڕۆن دین لەپەروەردەو فێركردن جیابكەنەوە, گەندەڵیی تالانی بەرپرسەكانتان كۆتایی پێبهێنن, ڕێگر مەبن لەبەردەم سەربەخۆیی كوردستان, با كچ وكوڕانی لاو لە پارك وباخچەكان بەئازادی ژووان ببەستن, یاساو دەستووری مۆدێرن وشارستانی لە دادگاكان كاری پێبكەن.... ئەمانە كێشەو گرفتی ڕاستەقینەی لاوانن بۆیە هەوڵەكانتان ئەنجامێكی نابێت.